

# General



# ئەکتەرێکی سینەمای ئێران رەگەزی خۆی گۆڕی!

**شیرین جیهانی**

هەم وەک ژن و هەم وەک پیاو، هاتووەتە پێش کامێڕا و دەوری گێراوە! بەڵام ئایا ئەو ژنە یان پیاو؟! ئایا کاتێک دەوری ژنی گێڕاوە، وەک پیاوێک لە دەوری ژندا ئەکتەر بووە، یان بە پێچەوانەوە؟ ئەوە ناوی ئەکتەرێکی سادەی سینەمای ئێرانە: «فەرزانە ئەرەستوو» لە راستیدا ئەوە ناوێکی ژنانەیە و چەند ساڵ لەمەو پێش، ژنێک بووە کە لە فیلمەکانی وەک «سەربازەکانی هەینی، حوکم، دز و چەتە، تۆڵە و شاهێدیەک بۆ خودا» بەشداری کردووە. بەڵام ئێستا هەمان کەس ناوی «سامان ئەرەستوو»یە و پیاوێکە لە دەوری ئەکتەری سینەماییدا!!

مەخابن بە هۆی فشارەکانی کۆمەڵایەتی و یاساکانی دژ بە ژن، ئەو ژنە ئەکتەرە هەر لە منداڵییەوە ئاواتی خواستووە کە ببێتە پیاو. ڕەوشی خراپی کۆمەڵگا و هەڵسوکەوتی خراپی جەماوەر لە دژی ژنان، زەمینەیەکە وای سازکردووە کە «فەرزانە ئەرەستوو» لە ژنبوونی خۆی شەرم بکات و خۆی بە کەم بزانێت. خۆی باس لەوە دەکات کە هەموو کاتێک حەزی لەوە بووە کە ببێتە پیاو و کۆتایی بەو هەموو رەنجە دەرۆنییەی بێنێت! لە گەڵ ئەمە تراژیدیەکی کۆمەڵایەتییە و نیشانەیەکە لە ئاستی بێچارەیی و بەدبەختیەکی داسەپاو بە سەر ژناندا، بەڵام فەرزانە لە تەمەنی ٤٢ساڵەیی و بە کۆکردنەوەی بڕێک پارە و بە هاوکاری و یارمەتی ماددی یەکێکیتر لە سینەماکارانی ئێرانی، نەشتەرگەریەکی جەڕاحی بەڕێوە دەبات و خۆی دەکاتە پیاو! دواتریش ناوی خۆی بۆ سامان دەگۆڕێت و ئەمجارەشیان وەک پیاو درێژە بە کاری ئەکتەری سینەما دەدات. ئەمجارەیان ئەمە سامان ئەرەستوویە کە دەور دەگێڕێت.

سامان یان فەرزانەی جاران دەڵێت کە ئەو هەر لە منداڵییەوە هەستی بەوە کردووە کە دەبوایە پیاو بوایە و جەستەی هی خۆی نییە! ناوبراو هەروەها باس لەوە دەکات کە لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا بە زۆری لە لایەن بنەماڵەکەیەوە بە شوو دراوە و تەنیا ڕۆژێک لە لای مێردەکەی ژیاوە. دواتریش هەرگیز زەماوەندی نەکردووەتەوە.

گۆڕینی ڕەگەز لە لایەن ئەو کەسەوە، زۆرتر بە پێداگری پزیشکەکانی دەرۆنناسییەوە ئەنجامدراوە و پێیان ڕاگەیاندووە کە ئەگەر بێت و ئەو کارە نەکات، ڕەوشی دەروونی ئەو ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت و ناتوانێ درێژە بە ژیان بدات.

سەرنجڕاکێشە کە ئەمجارەیان ئەو ئەکتەرە، واتا سامانی نوێ، خەریکە لە گەڵ یەکێک لە کچانی ئەکتەری شانۆ زەماوەند بکات و هاوکاتیش وەک پیاو، بچێتەوە بەر کامێڕا و درێژە بە کاری ئەکتەری بدات لە بواری سینەماوە!!

**سەرچاوە:**
**ماڵپەڕی راجانیوز**









# یەکەمین فێستیڤاڵی فیلمی ئەنفال لە گەرمیان

ئیدارەی گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان و گەلەری ئارام (یەکەمین فێستیڤاڵی ئەنفال)یان لەرۆژانی (٢٥-٢٩/٦/٢٠١٠) لەهۆڵی هونەرمەندانی کەلار بەئامادەبوونی میوانان و جەماوەرو کەسوکاری ئەنفلکراوانی ئەم دەڤەرە سازکرد.

لەم فێستیڤاڵەدا ژمارەیە فیلمی کوردی و کورتە فیلم هاتنە نیشاندن و رۆژانە لەلایەن ئامادەبوانەوە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرا. لەدواین رۆژی فێستیڤاڵیشدا لیژنەی باڵای فێستیڤاڵ خەڵاتی بەو فیلمانە بەخشی کەبەشایانی زانین. گۆڤاری فیلم بەباشیزانی لێرەدا وتەی کۆتایی یەکەمین فێستیڤاڵی فیلمی ئەنفال کە لەلایەن هونەرمەند (سەربەست ئەحمەد) خوێندرایەوە، بڵاوبکاتەوە:

## وتەی کۆتایی یەکەمین فێستیڤاڵی ئەنفال

بەڕێز. سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێزان. هونەرمەندانو روناکبیرانو میوانانی ئازیز

ئەم کاتەو فێستیڤاڵتان باش..

ئەمڕۆ هەمومان شاهیدی دامەزراندنو دانانی بناغەی (یەکەمین فێستیڤاڵی فیلمی ئەنفال)ین لەشاری کەلار، ناوچەیەک کە چەقی قورسایی بەرکەوتەی کارەساتی شومو جەرگبڕی ئەنفالە، ئێمە وەکو هونەرمەندانو روناکبیران بەئەرکێکی ویژدانیو ئەخلاقیو نەتەوەیی خۆمان زانیوە بەردەوام نزیکبین لەخستنەڕووی لایەنەکانی ئەم کارەساتە شومە بەشێوازەکانی هونەر، ئەم فێستیڤاڵەش پەنجەرەیەکی بچوکی ئەو تێڕامانو تێڕوانینەمانە.

بەڕێزان. هەموو کات هەوڵمانداوە بەهونەرەکەمان کەمێ سارێژی برینی هەناوو جەستەی بەجێماوانی کەسوکاری ئەنفال بکەینو لەرێگەی ژانرە هونەرییەکانەوە ئەم تاوانە شومەی دژی میللەتەکەمانو مرۆڤایەتیش ریسوابکەینو لەرێگەی فیلمسازییەوە ئەم تاوانە بەنێوخۆو جیهانیش بناسێنیین.. ئێمەی هونەرمەندان نەمانویستوەو هەرگیزیش نامانەوێت ئەزیەتی رۆحی کەسوکاری بەجێماوی ئەنفال بدەین بەڵکو تەنها مەبەست لەم فێستیڤاڵەو کارە فیلمسازیەکانی حزمەتکردن بووە بەدۆزی ئەنفال، چونکە ئەم ئازارە پڕسوێیەی ئەنفال ئازارو زامی هەمومانەو هەموشمان بەرپرسیارین لەچۆنیەتیو جۆریەتی خستنەرووی لایەنە شاراوەکانی ئەم تاوانە.

ئێمە لەم فێستیڤاڵەدا هەرهێندەمان پێکرا بناغە دارێژین و خزمەتێک بگەیەنین لەڕێگەی پەیامی فیلمەکانەوە، هیواخوازین ساڵانی داهاتوو بەبەرزترین ئاستو شێوە ئەم فێستیڤاڵە رێکبخرێت بۆ دەرخستنی توانای فیلمسازانی کورد، چونکە هونەری فیلمسازی هونەرێکی هێندە گرنگو کاریگەرە دەتوانێت بەوێنەکانی سەدان حیکایەتی شیرینی پێش ئەنفالو سەدان چیرۆکی تاڵی نێو روداوەکانی کارەساتی شومی ئەنفال بگێڕێتەوە بۆ خۆمانو بۆ جیهانیانیش.

داوای لێبوردن دەکەین لەهەر کەموکوڕیەک چونکە بەدەستی ئەنقەست نەبووە، بەڵکو هەر هێندەمان لەدەست هاتووە. سوپاسو پێزانینمان بۆ سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان کەپشتگیری سەرخستنی ئەم فێستڤاڵە بوون، سوپاس بۆ خەڵکی دڵگەرمی گەرمیانو کەسوکاری بەجێماوی ئەنفال کەرۆژانە بەمەحەبەتەوە فێستیڤاڵەکەیان جوانترکرد، سوپاسمان بۆ هەموو هونەرمەندانو روناکبیرانو کەناڵەکانی میدیاوراگەیاندن (رۆژنامەوتەلەفزیۆنەکان) کەرۆژانەی فێستیڤاڵیان بەهی خۆیان زانی، سوپاس بۆ هەموو ئەو ئازیزانەی زۆر ماندووبون لەکارەکانی فێستیڤاڵو بەدیار هیلاکیو هەناسە تەڕەکانی فێستیڤاڵەوە شەورۆژیان بەڕێکردو چاوەڕوانی سوپاسو پاداشت نەبون.

هەربژین و بەهیوای دیدار لە (دووەمین فێستیڤاڵی فیلمی ئەنفال).

**لیژنەی باڵای**
**(یەکەمین فێستیڤاڵی**
**فیلمی ئەنفال لەکەلار)**



# ئیستاتیکا و سینەما

هاوڕێ قادر ڕەشید

زۆرجار پاش ئەوەی کە فیلمێک دەبینین گوێبیستی هەندێک قسە دەبین وەک (ئەم فیلمە جوان بوو، ئەم فیلمە باش بوو، باسی لە گرفتی خۆمان دەکرد، مەسەلەیەکی باشی وروژاند بوو. هتد) یان (ئەم فیلمە لە هەموو رووەکانەوە جوان و باش بوو)، چەند روانگەیەک و چەند واتایەک، بەڵام ئاکامی گشتی یەک دەنگی ئەوەیە کە ئەم کارە جوان بوو.


سەرەتا پێویستە بپرسین، ئایا جوانی لە سینەمادا چییە؟ بۆچی روانگەکان جیاوازن؟ ئایا مەبەست لە وشەی باشە یان هەر وشەیەکی دیکە بەرامبەر بابەتێک جوانییەکی لە پشتە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە دەکەینە هەوێنی ئەم باسەمان بۆ دۆزینەوەی مەبەست لە جوانی.

بە بۆچوونی زانایانی ئیستاتیکا، (جوان) بریتییە لە هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی کارێک لە چەند کارێکی دیکە و پتر گرنگیدان بەو کارە بەهۆی چەند پێوەرێکی جوداوە کە لەکەسێکەوە دەگۆردرێت بۆ کەسێکیدی، کە ئەمەش مانای ئەوەیە، مەرج نییە ئەو کارەی کە من رەتی دەکەمەوە یەکێکی دیکەش رەتی کاتەوە و پێچەوانەکەشی تەواوە، چونکە هەر کەسێک لە ئێمە گرنگی دەدات بە لایەنێک لە لایەنەکانی ئەو کارە هونەریە و لایەنەکانی دیکە فەرامۆش دەکات، وەرگر ستاتیکای فیلمی بە روانگەیەکی جودا لە راستی دەوێت، بەڵام بەو مەرجەی کاردانەوەی ژیانی خودی خۆی بێت بە جوانی. هەڵسوکەوتمان پەیوەستە بە چۆنێتی هەستکردن و وەرگرتنی دەوروبەرمان، ئەمەش تەنها بە هەست ناکرێت چونکە پێویستی بە رێکخسن و ڕامان و ویست هەیە کە ئەمەش چەند بەشێکی هەیە بۆ پێکهێنانی ئەو هەستکردنە. بۆ ئەوەی ئەو هەستە ببزوێنین دەبێت بزانین کە چەند بزوێنەرێکی (دەرەکی و ناوەکی) هەیە.

**١- دەرەکی:** وەک (رادەی رۆشنایی) وێنە و دەنگ و دووبارەبوونەوەی ئەو کارە و گۆڕانکاری گرتە و جوڵەی ئەکتەر و دیکۆر و رۆشنایی و راکێشانی هۆش (الترکیز) (خاڵێکی رەش لە نێوان چەند خاڵێکی سووردا).

**٢- ناوەکی:** وەک (ویستی ناخی وەرگر (برسی وێنەی نانێک پتر رایدەکێشێت لە خانمێکی ناسک). ئامادەبوونی هۆشی ساتی (ئافرەتێک کە ئامادەیە بۆ گریانی مەلۆتکەکەی). پاڵپێوەنەری گشتی (ئامادەیی بەرهەڵستی لە کاتی مەترسیدا). ویستی تایبەتی (هەر کەسە و گرتەیەک یان دیمەنێک یان تەواوی کارەکە رایدەکێشێت).

بەکورتی تەواوی هەستپێنەکراوەکان (اللاشعور) واتا ئەو کارو کاردانەوە و پاڵپێوەنەرانەی کە کاردەکاتە سەر هەڵسوکەوتی کەس و بیرکردنەوەی و هەست و نەستی. ئەمانە کاردانەوی دەبێت لە سەر کاری داهێنانی ئیستاتیکی (دۆزینەوەی چارەسەر یان رێگەچارەیەکی گونجاو بۆ کارێکی دیاریکراو).







**نووسەر و دەرهێنەر پێویستە چەند (کلاسێک) یان رێگایەک بگرنە بەر بۆ پێکهێنانی داهێنانی ئیستاتیکی:**

**-کلاسی یەکەم: (ئامادەکردن و خۆ ئامادەکردن)** سەرەتا کێشەکە یان بیرۆکەی کارەکە دەستنیشان دەکرێت و لە تەواوی لایەنەکانیەوە توێژینەوەی بۆ دەکرێت و زانیاری تەواوی لەبارەوە کۆدەکرێتەوە و تەواو هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و پێکەوە دەلکێنرێت، پاش ئەمانە ئەو داهێنەرە هەوڵی چارەسەر دەدات، بەڵام ئاسان نییە یان مەحاڵە لەم کلاسەدا.

**-کلاسی دووەم: (کاتی دایەنگایی و هەڵهاتن)** کاتی ئەوە هاتوە کە چاوەڕوانبین و پەلە نەکەین و زۆر جار دەستەوەستان دەوەستین و هەست بە ناهەمواری دەکەین ئەم ماوەیە ماوەی رامانە، لەم کاتەدا هۆش تەواوی کارەکانی فەرامۆش دەکات و تەنها بە بیرۆکەکەوە عەوداڵ دەبێت، بەڵام تەنها ئاکام هیچە و زۆر جار ماوەی زۆری پێدەچێت تەنانەت ساڵ و دوو ساڵ بێئەوەی بگاتە هیچ ئاکامێک، لەم ماوەیەدا تەنها (لاشعور) کار دەکات و دەڕواتە ناو تەواوی پێچ و پەناکانی یادەوەری و کاردانەوەی یادەوەریەکانی.

**-کلاسی سێهەم: (کاتی ئیلهام و رۆشنایی)** لە ناکاو و بێئەوەی ئاگاداری هیچ بین و تەنانەت رەنگە باسەکەشمان هەر بیر چووبێتەوە، چارەسەر وەک هەڵچوونێک وەدەر دەکەوێت لە کاتێکی چاوەڕوان نەکراودا تەنانەت زۆر جار لە کاتی خەوتنێکی قووڵدا دەبێت، و زۆر جار گەر زوو فریای نەکەویت و تۆماری نەکەیت لە دەست دەردەچێت و جارێکی دیکە نایەتەوە.

**-کلاسی چوارەم: (تۆمارکردن و وردبینی)** توێژینەوەی تەواو لێرەوە دەست پێدەکات و تەواوی کارەکە بە چارەسەرەوە دەکرێتە بەر بیرکردنەوە و هێنان و بردن.

**-کلاسی پێنجەم (بریار)** دوا بریاری خۆت دەدەیت و ئەو دەشتەی کە لەناویدا وەستابوویت ئێستا دارستانێکی پڕە و لەناویاندا هەڵبژاردن و بریار و دەستپێکردن دەست پێدەکات.

پاش ئەم رێگایانە دەتوانین بڵێین کارەکە رەنگە جوان بێت، بێگومان ئیدی رۆڵی دەرهێنەر دێت، ئەو یان تێکی دەدات یان جوانتری دەکات.

لای هەموومان ئاشکرایە کە هونەری سینەما پەیوەندیەکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ بینەردا و هونەرمەندی سینەماکاریش نابێت گیروگرفتی کۆمەڵ فەرامۆش بکات، پێویستە لە تەواوی بەرهەمەکانیدا بیرکردنەوە و کۆسپ و تەگەرەی بەردەم پێشکەوتنی میللەتەکەی و نەتەوەکەی رەچاو بکات، چونکە هەر کارێک پەیوەست نەبێت بە ژیان و گوزەرانەوە و نوێخوازی شاکاری نەبێت و هەوڵی جدی ئیستاتیکی و داهێنانی نەبێت، بێگومان کەس لای لێناکاتەوە و ئاکامی نابێت.

گەر گەشتێک بە نێوان شاکارە کوردیەکانی خۆماندا بکەین دەبینین جوانی مەرج نییە بە تەکنەلۆژیا و سوپای پشتی کامێرا بێت، بەڵکە هەموو جوانی، هەست و نەستە و ئەوەی لە هەستەوە هەڵقوڵێت ئاسان دەگاتە هەست. (ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان، ژانی گەل، پەرینەوە لە غوبار، شوێنێک بۆ یاری، کوێستانی قەندیل... هتد، ئەم کارە جوانانە و چەندینی دیکە هیچ کامیان بەدەر نەبوون لە کەمبوونی کەرەستەی زۆر و سوپای پشت کامێرا و تەکنەلۆژیا.. هتد، رەنگە زۆر کەرەستەی کەمیان لەبەردەستا بووبێت و تەنها لە کێشەدا دەوڵەمەند بووبن و لەگەڵ ئەوەشدا شاکاری جوانن، نەک تەنها لە لای خۆمان بەڵکە لە جیهانیشدا خاوەنی چەندین خەڵاتن ئەمە ئەو قسەیەی من دەسەلمێنێت و دەبینین کە هەر فیلمێک لەم فیلمانە تەواو جیاوازن لە بابەت و ستایل و روداو و گرێ بەڵام هەستیش دەکەین هەموویانیش نزیکن لە یەکەوە چونکە لە یەک سەرچاوەوە هەڵقوڵاون.

زۆرن ئەو فیلمانەی کە پێیاندەوترێت جوان بەڵام ئێمە مەبەستمانە بوترێت جوان و باش و پوخت، چونکە گەر فیلم یان هەر هونەرێکی دیکە پرسیار یاخود وەرامی پرسیارێک لای بینەر دروست نەکات ئەوە ئەو کارە کارێکی باش نیە گەر جوانیش بێت جوانیەکی تەواو نیە، زۆرن ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئێمە فیلم بۆ هونەرمەندان یان ڤیستیڤاڵ یان بۆ کەسانی تایبەت (النخبە) دروست دەکەین وەک ئەوەی کە ئەو کەسانە لە هەسارەیەکی جوداوە هاتبن، کاتێک کە فیلمێکی لەو بابەتە دەبینم من ناوی دەنێم پێشانگای وێنەی جوڵە پێکراو نەک فیلم، فیلم بۆ تەواوی خەڵکییە بە رۆشنبیر و نارۆشنبیرەوە، هەروەها بۆ تەواوی نەتەوەکانیشە.

کەواتە جوانی پەیوەستە بە تەواوی ئەو کارە فیلمسازیەی کە دەیکەین، ئیدی هەر لە بیرۆکەوە دەست پێدەکات تا دوا وشەی تایتڵی کارەکە کە لەدەست مۆنتێردەردەچێت. هەر فیلمێکیش بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەست نەبێت بە ژیانی کۆمەڵایەتی چەرخی خۆیەوە و مرۆڤ کەرەستەکەی نەبێت ئەو فیلمە تەواو نییە، تەنانەت گەر زۆر جوانیش بێت بە واتای جوانی وێنە و گرتە، چونکە جوانییەکەی تەنها بەچاو هەست پێدەکرێت، نەک بە دڵ و هەست و نەست.



**تێبینی:**

خوێنەری بەرێز تەواوی ئەم باسە پەیوەستە بە تاقیکردنەوەکانی خودی خۆم و پەیوەست نەبووم بە هیچ سەرچاوەیەکی دیاریکراو، دەکرێت تۆ ئەم بیر و رایانەی من بە هەند وەرگریت، یان رەتیکەیتەوە و وەڵامم بدەیتەوە.

# تیۆری
# فیلمی فێمێنیستی

نووسینی. ئانێک سمێک
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: بەیان عەزیزی

**پێشەکی:**

فێمێنیزم بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتییە كە كاریگەرێتییەكی ئێجگار زۆری لە سەر تیۆری فیلم و رەخنە داناوە. سینەما لە لایەن فێمێنیستەكانەوە وەرگیراوە و بۆتە پراكتكێكی فەرهەنگی. سینەما ئەو ئووستورانە پیشان دەداتەوە كە سەبارەت بە ژن و ژنانەیەتین، هەر بەو شێوەی سەبارەت بە پیاو و بابەتی پیاوانەن. بە دواهاتی ئەم نواندنەوەو ئەم روانینە سەنتەرێكە بۆ تیۆری فیلمی فێمێنیستی و رەخنەگرتن لەو فیلمانە. رەخنەی فێمێنیستی پێشوو دەیڕوانییە ئەو كلیشە و باسە سوواوانەی سەبارەت بە ژن دەكرێت بە تایبەت لە فیلمەكانی هالیوود ئەو وێنە نەگۆرو بێ كۆتاییانەی بەردەوام لە ژن پیشان دەدرا و دووپات دەبوونەوە. ئەو ژنانەی وا پیشان دەدرا كە ئاڵۆز و بەگرفتن و ئەمانەش كاریگەرێتییەكی خراپی لە سەر بینەری ژن دادەنا. هەر بۆیە بانگهێشتی هەبوون و دروستكردنی وێنەیەكی پۆزتیڤ لە ژن لە سینەما دەكرا بەڵام زوو دەركەوت ئەو شعوورەی دەبێتە سەرەتای پێكهێنانی وێنەی پۆزەتیڤ بە تەنیا بەس نییە بۆ گۆڕینی ئەو ستراكتۆرانەی لە فیلمەكاندا هێڵیان لە ژێردا كێشراوە. رەخنەی فێمێنیستی هەوڵی دا تێگەیشتنێكی گشتی و هەمەلایەنە بخاتەڕوو لە دەسەڵاتی وێنەسازیی باوكسالاری. تیۆرەكانی بنەماخوازی، نیشانەناسی و دەروونشیكاریی و ئەم گوتارە تیۆریكانە ئەوەیان سەلماندووە كە زۆرێك لە بەرهەمەكان كاتێك لە چەندلایەنەوە لێكبدرێنەوە، دەردەكەوێت چەندە جیاوازیی جنسی لە گێرانەوە (narrative) كلاسیكەكەیاندا ئامادەیە. بۆماوەی زیاتر لە دەیەیەك دەروونشیكاریی پارادایمی زاڵبوو لە تیۆری فیلمی فێمێنیستیدا. ئەم روانگانە خۆیان بوون بە ژێدەری موتالایی نوێ و پرسیارگەلێكی زیادتریان لە بارەی ئێتنیسیتە، رەگەزی مێیینە و جنسییەتی دووڕەگەوە هێناوەتە ئاراوە.

### گێڕانەوەی فیلمی كلاسیك

(كلێر جانستۆن) لە یەكەمین رەخنەگرە فێمێنیستەكان بوو كە بۆ تەئید و نواندنی جۆرێكیتر لە رەخنە كە كلیشەكان دەربخات هەوڵیدا و لە نیشانەناسی كەڵكی وەرگرت بۆ روانینێكی تازە لە سینەما. ئەو وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە كە سینەمای كلاسیك چۆن ستراكتۆرێك دروست دەكات بۆ ئەو وێنە ئیدئۆلۆژیكانە لە ژن. لە (نیگاركێشیەك لە رۆلاندا بارتێز، خەیاڵی ئوستوورە)دا جانێستۆن توێژینەوە دەكات لە سەر ئەوەی ئایا دەكرێت ژن وەك بنەمایەك یان كۆدێك یان بابەتێك بۆ ئاخاوتن بێت. ئەوەش نواندنەوەی واتایەكی ئیدئۆلۆژیكە لە ژن بۆ پیاو. لە پێوەندی لەگەڵ خود دا ژن بە مانای هیچ شتێكە. ژن ئیماژێكی نگەتیڤە كە مانای (هیچ مانایەك) دەدات.

(ژن وەك ژن) غیابێكە لە نێو دەقی فیلمدا. جێگۆڕینی گرنگ لە تیۆرەكاندا لێرەوە دەست پێدەكات كە تێگەیشتنمان لە سینەما وەك زایەڵە و نواندنەوەی واقیعیەت تووشی گومان دەكات، هەروەها ئەو روانگەی سینەما وەك بنەمایەكی تایبەتی و ئیدئۆلۆژیك بۆ واقیعیەت دەبینێت تووشی لەرزۆكی دەكات. سینەمای كلاسیك هەرگیز ئەوەمان پیشان نادات كە ئەمانە ماناكانی بەرهەمەكانن، كەواتە كارەكتەرەكان بە دەمامەكەكانەوە دروستكراون و ئەمەیە بنەمای ئیدئولۆژیك. هەر بەم پێیە گێڕانەوەی فیلمی كلاسیك دەتوانێت وێنە سەرەكی و گشتییەكان لە ژن بناسێنێت وەك سروشتی ژن، واقعیەت و سەرنجراكێش بوونەكەی. ئەمە وەهمێكە لە سینەمای كلاسیكدا.

سینەمای كلاسیك هەر بەو جۆرەی ماڵڤی ئاماژە دەدات هەژاندنی مەیلێكە بۆ دیتن بە هۆی بنەمایەكی سەرنجڕاكێشەوە كە لەسەیركردنی جنسی و خۆخۆشویستن یان نارسیزم بوونی نێو چیرۆك و وێنەكانەوە دێت. سەیركردنی ئەو وێنەیە چ كاراكتێرێك بێت چ فیگورێك یان بارۆدۆخێك وەك ئوبژەكانی دیكە، جێی ئاماژەیە كە چێژی دیتنی نارسیستی دەتوانێت لە خود ئەم ئەودیەتی شوناس لەگەڵ وێنە و فیگورەكانەوە سەرهەڵبدات.



### ماڵڤی سەیركردنی جنسی لە سینەمای كلاسیكدا

وەك هەر بابەتێكی دیكە لێک دەداتەوە ئەم كردە یان ئەكتێڤ دەبێت یان پەسیڤ و دەستەوەستان. ئەم جۆرە دژایەتییە دووانەیەكی جنسییەتە. ستراكتۆری گێڕانەوە لە سینەمای سوننەتیدا پیاو یان نێرینە وەها ئامادە دەكات كە كاراكتەرێكی ئەكتیڤ و بەهێز بێت. پیاو نوێنەر و كەسی ئامادەیە لە هەموو كردە دراماتیكەكاندا و كەسێكی بە دیسپلین دێتە بەر چاو.

ژن بەكاراكتەرێكی دەستەوەستان و بێ هێز و دەسەڵات دەنوێندرێت. ئەو ئوبژەیەكە تەنیا بۆ حەزی كاراكتەری پیاو دروستكراوە. لەم بارەوە سینەما وەك ماشینێكی باش دیتنێكی گونجاوی ئامادە كردووە بۆ حەز و چێژی پیاوانە كە ئەمە ستراكتۆرێكی ئامادە و كۆكراوەیە لە سوننەتی هونەری رۆژئاوا و هەروەها لە جوانیناسیدا.

ماڵڤی دەرگای ئەم باسە دەكاتەوە و ئەو رێگایانە لێكدەداتەوە كە گێڕانەوە و تەكنیكی دیتن لە سینەمادا بەو شوێنەدا دەڕوات بۆ ئەوەی بینەری جنسی بكات بەچێژبەریی جنسی. لەڕەوتی گێڕانەوەی فیلمیشدا كاراكتەرە پیاوەكان نیگای مۆڵەقیان بەرەو ئەكتەرە ژنەكانە. بینەر لە شانۆشدا بە نیگای پیاوانەوە خولقاوە. كە واتە نیگای مۆڵەق لە سینەمادا سێ پلەی هەیە، كامێرا، كاراكتێر و بینەر. گرفت لێرەدایەكە كاراكتێری ژن خۆی دەبێتە بینەر. لە سینەمای كلاسیكدا بینەری جنسی ناتوانێت ژن بێت وەها كە بە ئاشكرایی سەیری شاشە بكات. مالڤی چێژی دیتنی نارسیستی بە ئایدیای گشتی لاكانەوە گرێ دەدات لە سەر ئێگۆ و قۆناغی ئاوێنەیی. لە سەردەمی منداڵیدا كاتێ منداڵ سەیری ئاوێنە دەكات لەم رێگەوە چێژ دەبات لە ئەم ئەوێتی شوناس لەگەڵ وێنەی ناو ئاوێنەدا و هەروەها






ئێگۆی ئایدیال.

له وتاری گرنگ و بنەڕەتی (چێژی دیتن و سینەمای گێڕانەوەیی)دا لۆرا مالڤی له دەروونشیکاریی کەڵک وەردەگرێت بۆ تێگەیشتن له شەیدابوون له سینەمای هالیوودیدا. ئەم شەیدایی و حەزە دەتوانێت وێنەی بینەری جنسی، مەیل و حەز کردن بە دیتن بە جوانی لێک بداتەوە. ئەمانە بابەتی بنەڕەتین کە دەمانبەنەوە بۆلای فرۆید.

کە بینەران بەلای یەکەوە روبەڕووی شاشەی زێوین سەیری فیلم دەکەن، سینەمای کلاسیک هەر بەو سەرنجراکێش بوونەو هەروەها نارسیستبوون لە نێو چیروک و وێنەکاندا چێژی دیتن بۆ بینەری جنسی بە هۆی روانینەوە بەرهەم دێنێت، روانین بۆ کارەکتەر، فیگور یان بارودۆخێک وەک دیکەی ئوبژەکان، چێژبینینی کەسی نارسیست دەتوانێت لە خود ئەم ئەویدیەتی شوناسی ئەو و وێنە و فیگورانەوە پێک بێت.

مالڤی بینەری جنسی لە سینەمای کلاسیکدا دەخاتە بەر تاوتوێ کردن. لای ئەو، بینەرە وەک ستراکتورێک بنەمای تەورەی ئەکتیف بوون یان پەسیو و دەستەوەستان بوون دادەرێژێت. ئەم دژایەتییە دووانەییە بابەتێکی جنسی یە. ستراکتۆری گێڕانەوە لە سینەمای سوننەتیدا بەم شێوەیە کە پیاو یان نێرینە وەک کارەکتەرێکی ئەکتیف و بەهێز سازدەکات ئەو بەردەوام کەسی ئامادەیە لە هەموو کردەوە دراماتیکەکاندا و بە کەسێکی خاوەن دیسیپلن و رێکی دەخرێتە بەر چاو. لە حاڵێکدا ژن وەک کارەکتەری پەسیف و بێ هێز و دەسەڵات دەنوێنێت ئەو ئوبژەیەکە تەنیا بۆ حەزی پیاوانە ساز کراوە. دەبینین ئەم شێوە رووبەڕوبوونەوە ستراکتۆرێکی ئامادە و شەرعیکراوە لە سوننەتی هونەرو جوانیناسی رۆژئاوادا.

مالڤی ئەم باسە دەکاتەوە و ئەو مێتۆدانە پیشاندەدات کە گێڕانەوە و تەکنیکی دیتن لە سینەمادا سەیرکردنی جنسی و روانینی جنسی دەکات بە ئیمتیازێکی تایبەتی تەنیا بۆ پیاو و ئەو مافە هەر بەو دەدات. لە گێڕانەوەی فیلمدا کارەکتەرە پیاوەکان نیگای مۆلەقیان بەرەو کارەکتەرە ژنەکان دەبێت. بینەر لە شانۆدا شوناسەکەی لەگەڵ روانینێکی پیاوانەدا دروست دەکرێت، لە بەر ئەوەی فیلمە کامێراییەکان بە هۆی چاوەوە دەبیندرێن و پەیوەستن بە شەهوەتی جنسییەوە (libidinal)، کەواتە دیسان سەنتەری روانینی کارەکتەری پیاون. بەم شێوە سێ پلە دەستەبەر دەکرێ بۆ نیگای مۆڵەقی سینەمایی؛ کامێرا، کارەکتەر و بینەر. بە ئوبژەبوونی کارەکتەری ژن لێرەدا روودەدات و ئەو دەکاتە بینەر. لە سینەمای کلاسیکدا بینەری جنسی ناتوانێت ژن بێت کە بە ئاشکرا سەیری شاشە بکات. ژن کاتێ کاراکتەریشە دیسان پەسیووە. مالڤی بابەتی چێژی دیتنی نارسیزمی بە هۆی روانگەی گشتی لاکانەوە لێک دەداتەوە و بۆ ریزبەندی ئێگۆ و قۆناغی ئاوێنەیی کەڵکی لێوەردەگرێت. لە کاتی منداڵیدا منداڵ چێژ وەردەگەرێ لە ئەم ئەویدیەتی شوناسی خۆی لەگەڵ ئەو وێنە تایبەتەی ناو ئاوێنەکەدا و ئەمە فۆرمی ئێگۆی ئایدیالە بۆ ئەو منداڵە لەناو وێنە ئێدەئال بووەکاندا.

هاوشێوەی ئەو باسە دەکرێ بۆ بینەرانی فیلم بهێنینەوە. ئەوان چێژێکی نارسیستی دەبەن لە ئەم ئەویدیەتی شوناسی خۆیان لەگەڵ وێنە تایبەت و سەرنج راکێشەکاندا کە فیگورەکانی مرۆڤ لە سەر شاشە دەنوێنن. لە هەر دوو دۆسییەکەدا لە نێوان قوناغی ئاوێنەیی و سینەمادا، ئەم ئەویدیەتی شوناس، خودناسین و ئاگاییەکی شەفاف و روون ئامادە نییە. ئەمانە زیاتر لەسەر ئەو ژێدەر و بنەڕەتانە دامەزراون کە لاکان ناوی دەنا (reconnaissance) واتە لە دەستدان و نەبوونی ناسینەوە. دەمێنێتەوە ئەوەی کە بگوترێت ئەوان بەهێزگەلێکی زۆر نارسیستی کوێرکراون کە لە چوارچێوەیەکی سەرەتاییدا رایاندەگرێت. هاوکات (کریستییەن مێتز) کاری لە سەر وتارێکی خۆی دەکرد کە قیاسێک بوو لە سەر دەروونیشکاری و سینەما. مالڤی لە سەر ئەوبابەتە کاری دەکرد کە ئەم ئەویدیەتی شوناس لە سینەمادا، ستراکتۆرەکەی لە سەر هێڵی جیاوازیی جنسی دامەزراوە. نمایشکردنێک لە (چاکبوونی زیاتر، کامڵبوونی زیاتر و بە هێزبوونی زیاتر)ی وێنەی کارەکتەری ژن، ژنێکی پەسیف و بێ هێز و دەسەڵات. ئاشکرایە لێرەدا بینەری ئەکتێڤ ئەم ئەویدیەتی شوناسە لەگەڵ پیاودا ساز دەکات و لەگەڵیدا یەکدەگرێت نەک لەگەڵ کارەکتەری ژنی ناو فیلمەکەدا. پاش ئەوە دوو روخساری چێژی دیتن باسی لێکراو کە ئاوڕی لە جیاوازی جنسی دابۆوە: نیگای مۆلەقی بینەری جنسی و هەروەها ئەم ئەویدیەتی شوناسی نارسیستی. هەردوو ستراکتۆرە پێکهێنەرەکە مانایان پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی کارەکتەری پیاوەوە. هەروەها نمایشکردنی بەئوبژەبوونی کارەکتەری ژن.

هەروەها لە دیکەی باسەکاندا مالڤی بە کەڵک وەرگرتن لە دەروونشیکاری ئەم راستییە دەخاتەڕوو کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی وێنەی ژن لێڵ و گومانلێکراوە و بەردەوام لە خۆیدا هەڵگری دووانەی سەرنجڕاکێشەر بوون و هاوکات فریودەرییە. هەروەها وەبیرمان دێنێتەوە هەروەک فرۆید لە







تیۆرەکانیدا باسی کردووە سوبژەی ژن واتە نەبوون و کەمایەسی ئەندامی جنسی پیاوانە. کارەکتەری ژن سەرچاوە و ژێدەری ترسێکی قووڵە. سینەمای کلاسیک ئەم ترس لە خەساندنەی بە یەکێک لەم دوو رێگە چارە، سرِیوەتەوە:

بە ستراکتۆری گێڕانەوە یان فێتیشیزم (fetishism) بۆ هێمنکردنەوەی ترس لە خەساندن لە قۆناغەکانی گێڕانەوەدا، کارەکتەری ژن بە تاوانبار دادەندرێت. فیلمێکی (ئالفرێد هیچکاک) نموونەیەکی باشە بۆئەم چەشنە لەگێڕانەوە بڕواننە (modleski ١٩٨٨) ژنی تاوانبار مۆری سزادانێکی لێدراوە، یان رزگاربوون یان مردن و چیرۆکی فیلم دوو کۆتایی سوننەتی بۆ ژن دادەنێت و فیلم تەواو دەبێت: ژن یان دەبێ بمرێت یان زەماوەند بکات. لەم پێوەندییەدا مالڤی بە وتەکانی خۆی ئەم باسە دەوروژێنێت کە چیرۆکەکان داواکارییەکانیان لە ژن داواگەلێکی سادیستین. مالڤی بۆ بابەتی فێتیشیزم ئاماژە بەوە دەکات کەتیۆری نەبوونی ئەندامی جنسی پیاوانە لە سینەمای کلاسیکدا بە فۆرمەکانی فێتیشیزمەوە پیشان دەدرێ و مەبەستەکانی خۆی جێبەجێی دەکات و ئەمە ئەوپەڕی رازاندنەوەی ئوبژەیە. مالڤی ئەم شوێنە ئیرجاع دەداتەوە بۆ (خۆزەی ئێسترانبێرگ) و باسی فێتیشیزم. (مرێلین مۆنرۆ) نموونەیەکی باشە بۆ ئەستێرەیەکی ژنی فێتیشیزمکراو. کردنی مۆنرۆ بە فێتیشیزم سەرنج و روانین بۆ ئەو گرێ و عوقدەیە (کەمبوونی ئالەتی پیاوانە) کە ژن بەلارێدادەبات کەمدەکاتەوە لە جیاتی ئەوە، مۆنرۆ دەگۆڕدرێت و دەبێتە فیگورێکی مەترسیدار و هەروەها متمانەکردن بە ئوبژەیەک کە لەو پەڕی جوانییەکی بێ خەوش و کەم و کوڕیدایە. فێتیشیزم لە سینەمادا مادەبوونی فیگوری ژنانە دەردەخات کەواتە تووشی شکست دەبێت بۆ ئەوەی ژن نمایش بکات بەدەر لە نۆرمی ئاسایی خۆی.

ئایدیای (نیگای مۆڵەقی پیاو) رێگەیەکی کورتکراوەیە لە شیکاری کە لە لێکدانەوەی میکانیزمگەلی تێکەڵاو لە سینەمادا هاتووە واتە لێکئاڵاندنی ستراکتۆرەکان وەک بینەری جنسی، نارسیزم و فێتیشیزم. ئەم بڕوایانە یارمەتیمان دەدەن بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆناوچۆن سینەمای هالیوود جلوبەرگ دەپۆشێنێت بە مەیل و حەزی پیاوانە چونکە کاتێ ئەو رووکەشانە لاببرێت، دەردەکەوێت بناغە سەرەکییەکانی سینەمای هالیوود باوکسالارییە. فێمێنیستییە پێشووەکان رایانگەیاندبوو کە فیلمی ژنانە دەبێ دوور بکەوێتەوە لە گێڕانەوەی سوننەتی و تەکنیکی سینەمایی و دەبێ ئەزموونی پراکتیکی بە کار بگرێت. کە واتە سینەمای ژنانە دەبێ سینەمایەک بێت لە لایەنی بەرامبەرو دژبە سینەمای هەبوودا.

# سینەما، پەنجەرەیەک بەسەر ڕاستی ئێراندا

شالاو نەسرەدین


ئەگەر بێت و تەنها فیلمێک بتوانێت سەرنجێکی خێرامان پێیبەخشێت لەبارەی ڕەوشی ژیان لە وڵاتێک، ئەوا کارتەر لۆنگ دەڵێت: هیچ گومان لەوەدا نییە کە فێستیڤاڵی فیلمی ئێرانی پەنجەرەیەکمان بەڕوودا دەکاتەوە بۆ ڕوانین بەسەر ڕەوشی ژیان لە ئێراندا.

هەروەها لۆنگ دەڵێت: گرنگترین فیلم لەم فێستیڤاڵدا بەلای منەوە ئەوەیە کە خوێندنەوەو تێگەیشتنێکمان پێدەبەخشێت بۆ ستایلی ژیانی ڕۆژانەی بوارە کەلتوریەکانی وڵاتەکە.

لۆنگ ڕێکخەری فێستیڤاڵی ساڵانەی فیلمی ئێرانییە لە بۆستن و خۆشحاڵی خۆی نیشان دەدات بەبەدی کردنی بەرهەمی هونەری تازە بەوەی کە هەلی ئەوە بۆ ئەمریکییەکان دەڕەخسێنێت ڕووە جیاوازەکانی ئێران ببینن، جیا لەوەی کە لە میدیاکاندا دەردەکەوێت کە زیاتر تیشک دەخاتە سەر ژاوەژاوی سیاسی و گرژی و ئاڵۆزییەکان. هەروەک ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ بوونی سینەمایەکی سەرچاوەگرتوو لە ناخی ژیانی ئێرانییەکان و هەر وەک دەڵێت: بەرهەمهێنانی فیلمی هونەری جیاواز و باش، جەماوەرێکی نێودەوڵەتی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و ئەمە جگەلەوەی فیلمی سەرکەوتووی خاوەن بینەری زۆر لەئاستی ناوخۆی ئێران بەرهەم دەهێنرێت و نمایش دەکرێت.

فێستیڤاڵی فیلمی ئێرانی لە ئەمەریکا، فێستتیڤاڵێکی ساڵانەیە لە مۆزەخانەی بۆستن بۆ هونەرە جوانەکان ڕێکدەخرێت و کارتەر لۆنگ بەڕێوەبەری فێستتیڤاڵی فیلمە لە مۆزەخانەکە. بە گۆڕانکارییەکی کەمیشەوە لە بەرنامەکەدا میوانداری دەکرێت لە مۆزەخانەی






پیشانگای فریری سەر بە دەزگای سمیشونیان، پیشانگای ئارسەر م. ساکلەر لە واشنتۆن، مۆزەخانەی هونەرە جوانەکان لە هیۆستن، سەنتەری فیلمی سیسکل لە شیکاگۆ و زانکۆی کالیفۆرنیا لە شیکاگۆ و هەروەها بۆ بیستەمین ساڵیش بەبەردەوامی میوانداری فێستیڤاڵە سەرکەوتووەکانی فیلمی ئێرانی دەکەن.

ئەم فێستیڤاڵە فیلمی بەڵگەنامەیی و درێژ و کورتە فیلمی دەرهێنەرە تازەپێگەیشتووەکان دەگرێتە خۆی، ئەمە سەرەڕای کارەکانی دوو دەرهێنەری تر کە خاوەنی ناوبانگێکی نێودەوڵەتین کە بریتین (عەباسی کیارۆستەمی و سەمیرە مەخمەلباف). فیلمی (شیرین) کە لە دەرهێنانی کیارۆستەمییە و خۆی نۆڤلێکی تراژیدییە لەبارەی خۆشەویستی و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوانزەهەم. تیایدا کیا رۆستەمی لەبری ئەوەی دیمەنەکانی نواندن لە فیلمەکەدا نیشان بدات، کاردانەوەی سەر روخساری زیاتر لە ١٠٠ کچە ئەکتەری ئێرانی وەردەگرێت لەوانەی کە سەیری فیلمەکە دەکەن و کاری نواندن دەکەن، ئەوە سەرەڕای ئەکتەری فەرەنسی جولییێت بینۆشی.

لۆنگ دەڵێت: ئەم فیلمە، هەرتەنها فیلمێکی گێڕانەوەی تەقلیدی نییە، بەڕای من ئەم بەرهەمە زیاتر نزیکە لە کاری تۆماری ڤیدیۆ بە جۆرێک کە هەوڵ نادات بۆ گێڕانەوەی نۆڤلەکە، بەڵکو نۆڤلەکە لەناوفیلمەکەدا دەکرێت. لۆنگ ئەوەشی گوت: خەڵکی ڕێک نازانن چۆن لەم فیلمە تێبگەن.

فێستیڤاڵی سمیشۆنیان بەرهەمێکی کیارۆستەمی دەگرێتە خۆی کە کارێکی درامییە کەشێکی تەقلیدییە لە ئێران. (پرسە) درامایەکی مۆزیکیە لەبارەی شەڕی کەربەلا لەساڵی ٦٨٠. ڤێرشنی کیارۆستەمی (پرسە/بینەران) تیشک دەخاتە سەر کاردانەوەی ئەم دراما شانۆگەرییە و هەروەها لەسەر نواندنی لەسەر تەختی شانۆ.

مەخمەلبافی دەرهێنەرە بەناوبانگەکەیتری ئێران بە فیلمی (ئەسپی دوو قاچ) بەشدارەو لۆنگ دەڵێت: سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە لە فێستیڤاڵەکانیتردا. فیلمەکە لەبارەی کوڕێکی ئەفغانی دەوڵەمەندە کە هەردوو قاچی لەدەست دەدات و کوڕە هەژارێک بە کرێ دەگرێت بۆ ئەوەی لە کاتی هاتووچۆدا بەپشتی خۆی هەڵی بگرێت.

تۆم فیکی بەرپرس لەدانانی پرۆگرامی نمایشکردنی فیلمەکان لە هۆڵەکانی نمایشکردنی پێشانگای فریرو ساکلەر، دەڵێت: مەخمەلباف هەروەک دەرهێنەرە ئێرانییەکانیتر مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆتوبەندانە دەکات کە حکومەت دەیانخاتە سەر فیلمە بەرهەمهێنراوەکان لەئێران. هەروەها دەڵێت: (فیلمەکانی زیاتر بەلای سەمبۆلیزمدا دەچن و زۆر باش و قوڵن بە جۆرێک لە جۆرەکان).

فیک دەڵێت: دەرهێنەرە سینەماییەکان لە ئێران، هەروەک زۆربەی وڵاتان، بۆ کارەکانیان لەلایەن حکومەتەکانیانەوە هاوکاری مادی دەکرێن و بەڵام ئەوانیش لەسەریانە پەیوەست بن بە مەرج و کۆت و بەندەکانیان لەبارەی شێوازی کارکردنیان لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. هەروەک بودجەکانیان بە جۆرێک کەم و سنووردارە کە تەنیا بەشی سەپۆرتکردنی کاریگەرییە تایبەتیەکانی ناو فیلمەکانی هۆلیوود ناکات. لۆنگ دەڵێت: بەوپێیەی کە دەرهێنەرەکان کۆتوبەندی زۆریان لەسەرە و توانای داراییان سنووردار و کەمە، هەر بۆیە ناچار دەبن تەنیاو تەنیا بگەڕێنەوە سەر گێڕانەوەی چیرۆک.

هەروەها دەڵێت: بەڵام گێڕانەوەی نۆڤێلی ئێرانی شتێکی نایابە، وەک جۆرێک لە گێڕانەوەو گوتنەوەی شیعری وایە.

لەم فێستیڤاڵەدا لۆنگ دوو فیلمی لەهەمووان پێ باشتر بوو لە نێو فیلمە بەشداربووەکان و هەردووکیان دوو کەسایەتی ئێرانی ئاسایی نیشاندەدەن کە لە هەوڵی ژیاندان لەگەڵ گرفتە ڕۆژانەکان و بەتایبەتیش جموجۆڵی ترافیک. فیلمی (لەودیو چەرخی ژیان) ڕووداوەکانی لەبارەی دایکێکی بێ هاوسەرە کە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی لێدەخوڕێت، فیلمی (لەبارەی پیاوان و مۆتۆڕسیکیل) لەژیانی پیاوێک دەکۆڵێتەوە کە لەپێناوی پەیداکردنی پارەوپول بۆئەوەی بۆ ژن و منداڵەکەی ڕەوانە بکات، لەناو شەقامە جەنجاڵ و قەرەباڵغەکانی تاراندا هاوڵاتیان دەگوازێتەوە بە مۆتۆڕسیکیلەکەی و بەمەش خۆی دووچاری ئەگەری دەستگیرکردن و ژیانی سەرنشینانی مۆتۆڕسیکیلەکەشی ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە.

بۆئەوەی ڕوانینێکیشمان لەسەر ژیانی دوور لە شارە گەورەکان هەبێت، لۆنگ دەڵێت واباشترە تەماشای فیلمی (هیران) بکەین لە دەرهێنانی شالیزیە ئەلیف پور. کە کچێکی ١٧ ساڵانمان نیشاندەدات لە شارێکی بچووکی باشووری ئێران دەکەوێتە داوی خۆشەویستی پەنابەرێک لە ئەفغانستانەوە و ئەمەش دەبێتە مایەی نیگەرانی خێزانەکەی.

ماریان لۆنتزی بەرپرس لەپرۆگرامی نمایشکردنی فیلم لە مۆزەخانەی هونەرەجوانەکان لە هیۆستن دەڵێت: فێستیڤاڵی فیلمی ئێرانی کە ئێستا لە ساڵی حەڤدەهەمیەتی لە مۆزەخانە، بە تەمەن درێژترین

فێســـتیڤاڵ ئەژمار دەکرێـــت بە بەراورد لەگەڵ هەر فێســـتیڤاڵێکیتر کەمۆزەخانە میوانداری دەکات، ئەمەش یارمەتیدەربوو بۆ دروستکردنی پەیوەنـــدی پتەوو تۆکمە لەنێوان جالیـــەی ئێرانی ئەمەریکی و بووە مایەی ڕێکخســـتنی چەندین پێشـــانگای هونەری و کارو چالاکیتر بۆ کۆکردنەوەی پیتاک و بەخشـــش بۆ مۆزەخانەکە. بەم هۆیەشـــەوە، هـــەروەک ماریـــان لۆنتز ئاماژەی پێـــدا، بەوپـــەڕی متمانەوە فیلمە ئێرانییەکان لە لیستی نمایشکردنی فیلمەکان لە مۆزەخانە دادەنێت.

لونتز دەڵێت: ئەو فیلمەی کە لە فێســـتیڤاڵی ئەمســـاڵی هیۆستن جەماوەرێکی زۆری بەلای خۆیدا ڕاکێشا، فیلمی (کەس هیچ لەبارەی پشـــیلە ئێرانیەکان نازانێت) لە دەرهێنانـــی بەهمەنی قوبادی و ئەم فیلمەش بەبێ مۆڵەتی حکومەت بەرهەمهێنراوە.

فیک کە بەرپرسی دانانی پرۆگرامی نمایشکردنی فیلمە لە هۆڵەکانی نمایشکردنی پێشانگاکانی فریر و ساکلەر دەڵێت: تا ئێستا فێستیڤاڵی فیلمی ئێرانی جەماوەریترین فێســـتیڤاڵی ساڵانەیە. ئاماژەشی بەوەدا کە ناتوانێت پرۆگرامی نمایشکردنەکە لەهەموو کاتێک دابنێت جگە لە شـــەوانی هەینی و پاشنیوەڕۆی ڕۆژانی یەک شەممە، لەگەڵ ئەوەشدا شـــانۆی مۆزەخانە کە ٣٢٥ کورسی تێدایە، هەمیشە پڕدەبێت بۆ دوو نمایشـــی هەر فیلمێک لە زنجیرەکەدا، سەرەڕای ئەوەش خەڵکانێکی زۆر دێن بۆ شـــانۆکەو ناتوانن بێنە ژوورەوە لەبەر نەبوونی کورسی و جێگای پێویست.



ئێســـتا ئەمریکییە ئێرانییەکان دەتوانن ســـەدان فیلمیان دەســـت بکەوێت بە زمانی فارســـی لەســـەر دی ڤی دی یان بە داونلۆدکردنی لەســـەر ئینتەرنێت، بەڵام فیک دەڵێت خەڵکـــی حەز بە بینینی ئەم فیلمانە دەکەن لەسەر سکرینی گەورە. هەروەک فیک دەڵێت: ناوبانگی فیلمی ئێرانـــی یارمەتیدەرە بۆ ڕاکێشـــانی جەماوەرێکی زۆر و جگە لەئێرانییکان خەڵکانێکی زۆریتر هەن لە واشنتۆن کە پەرۆشی بینینی فیلمی ئێرانین. بەڵام گووتیشی ڕێژەی لەسەدا ٧٠ بۆ ٨٠ی جەماوەری بینـــەر ئەمەریکی ئێرانین و ئەندامانی جەماوەری ئەمریکییە بە نەژاد ئێرانییەکان شانازی دەکەن بە دەستکەوتە ڕۆشنبیرییە ئێرانییەکان.

فیک دەڵێت: ئەم فێستیڤاڵانە وەک بۆنەی کۆمەڵایەتی گەورە وان. خەڵکـــی دێنە ئێرەو دواتر دەچنە بەشـــی پێشـــوازی بۆ گۆڕینەوەی بیروڕاو و مشتومڕکردن لەگەڵ یەکتری لەبارەی فیلمەکان.







# سینەما ئاوێنەی منداڵییە

## گەورەکان منداڵێتی خۆیان بزرکردووە

نووسینی: فەرەنسواڤالیا

وەرگێڕانی: فەرەیدون سامان

زۆرینەی ئـــەو فیلمانەی لەمـــەڕ منداڵان دروســـت دەکرێن، وەک رکابەرێکی بەردەوام دژی بێ هودەیی و ناڕەزایی لەجیهانی گەورەکاندا لەسەرشاشـــەدا وێنەی منداڵێتـــی دەگرن. دوو کەمپمـــان دیوە کە بەرەنـــگاری یەکتـــری دەبنەوە، ئەویش کەمپی گـــەورەکان و کەمپی بچووکـــەکان، ئەگەرچی هەندێجار لێرە و لـــەوێ هەوڵدان هەبووە بۆ خۆگونجاندن و لێک تێگەیشـــتن لەنێوان ئەم دوو کەمپەدا، بەڵام هەر لەســـەر منداڵان خۆیانە خەباتی بۆ بکەن بۆ ناساندنی مافەکانیان و دانپێدانان بە مافەکانیان.

بۆ ئەوەی هۆیەکان بزانین پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی کە بەر لەداهێنانی سینەمادا هەبوون. مێژوونووسی فەرەنسی ( فلیپ ئاریـــێ) دەڵێ: لەکۆتایی ســـەدەی حەڤدەمەوە تائێســـتا گۆڕانکاری بەرچاو لەڕەفتارەکاندا ڕوویانداوە، ئەوســـا منـــداڵان زیاتر لەناو دڵی کۆمەڵگادا دەژیان وەک لەمامۆســـتا و بازرگان و ئەو پیشـــەوەرانەی کە نەک هەر بەشداری کارو نیگەرانی ئەوانیان دەکرد، بەڵکو ئیشیان لەگەڵدا دەکردن و فێردەبوون.

پارســـەنگ بوونی ئـــەو جیهانـــە لەئاڵوگۆڕی ئازاد و ناســـنامەی خێزانەکانیـــان لەقالـــب دراون، لێـــرە ئەوە ڕوون دەبێتـــەوە کەلەم ســـەدەیەدا گەورەکان منداڵێتی خۆیان بزرکردووە لەو بەشە گرنگەی ڕۆحی خۆیان دابڕاون، سەبارەت بەو دیوارەش کە منداڵێتیی لەجیهانی گەورەکان جـــودا کردۆتەوە، منداڵان لەچـــاوی گەورەکاندا ئاڵۆزن و بوونەتە بوونەوەری ســـەیر و ســـەمەرە، هەر بۆیـــەش لەئاکامی ئەم حاڵەتە منداڵان ڕوویان لەســـینەما کرد، تا ئـــەو جیهانە تایبەتییەی خۆیان بدۆزنەوە، بۆیەش لەســـەر گەورەکان پێویستە ئەگەر بیانەوێ هـــاوکاری منداڵان بکەن بەر لەهەمووشـــتێک ئەو دیوارە بڕوخێنن کە هەردوو جیهانەکەی لێکیتری جیا کردۆتەوە.

زۆرجاران نامۆبوونی منداڵان ئاشـــکرایە (بەشـــێوەیەکی نیگەران) لەنـــاو خێزاندا کە بەخێزانی ئەتۆمی ناوی دەهێنن... گۆشـــەگیرییە دراماتیکییەکان وەک لەفیلمەکانی (چوار ســـەد زەربە ی دەرهێنەر – فرانســـۆ ترۆفۆ – فرەنســـا ١٩٥٩ ) و (گرامـــەر دژی گرامەر ی دەرهێنـــەر – ڕۆبەرت بینۆن – ئەمریـــکا١٩٧٩) ڕەنگی داوەتەوە کە چەند باندۆر(تەئسیر)ی ژیانی هاوســـەرێتی ناکام بەسەر کەسایەتی منداڵدا ڕەنگیداوەتەوە.

هەندێک فیلمی دیکەش هەن کە خەباتی دژ بە سیستمی قوتابخانە و دەزگاکانـــی دیکە هانیـــان دەدات. بێتوانایی و وەدەســـت هێنانی خواستە ویژدانییەکانیان دەسەلمێنێ. کە چۆن هەمیشە ئەو منداڵانە لەواقیعێکـــی دوورەپەرێـــز وەدەردەخا و لەجیهانـــی گەورەکان جودا کراونەتەوە و ناتوانن بەشداری ئەوجیهانە بکەن، تەنانەت بیشیناسن، بێبەشـــبوونیان لەخۆشەویســـتی هانیانی داوە کە رابکەن و بۆ برێک ئازادی بگەڕێـــن. هەندێکجاریش هەڵدێن تا باوکێـــک بدۆزنەوە. ئەم باســـەش لە ناواخنی فیلمی (تاوانباری بچووک)دا کە (جاک دیلۆن– فرەنســـا ســـاڵی ١٩٩٠ ) دەریهێناوە وەبەرچاو دەکـــەوێ، دیارە هەر هۆکارێکیش هەبێ، بەڵام ئەم داســـتانە منداڵانەیە واگاهێنانەوەیەکە







لەخەتەرناکــی وەک لەهــەردوو قارەمانی بچووکی پۆڵۆنی لەفیلمی (Mildonieba۳۰)ی دەرهێنەر مرســیل دەژۆزیر(Marcel Dejozer)،پۆڵۆنیا ساڵی ۱۹۹۰ روویدا.

منداڵان ئەو یاخی بووانەن کە خێزانە ئەتۆمی و دەزگاکان رەتدەکەنەوە کە بەزۆر بەسەر کەسایەتییاندا سەپێنراوە لەلایەن گەورەکانەوە، ئەویش بە گۆڕانکاری بەسەر نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا.

چونکــە وەک دەزانین بارودۆخی منداڵان بەرهەمی پەروەردەی دەســتی خێزانەکانیانە، داهێنانی تەواوی داهێنەرە گەورەکانە بەرامبەر بەهۆشــی منداڵان هەســت بــە ئەفراندنی خۆیان و جیهانە تایبەتییەکەی خۆیان دەکەن، بۆیەش ســینەما نەبــووە ئاوێنەیەک بۆ منداڵان بەقەد ئەوەی ئەو ئاوێنەیە کە منداڵێتی ڕاستەقینە بدۆزنەوە بۆ پشکنینی خودی خۆیان.

سینەما لەبەرایی زوودا قسەکەرێکی فەرمی بەناوی منداڵان دزییەوە (ڕەنگە وتەیەکی نمونەیی زۆر ورد بێ) چونکە زۆرینەی ئەو دیمەنانەی کە ڕووبەڕووی منداڵان و گەوران بوونەتەوە (دیالۆگی زۆری تێدا بووە)! وەک لەوێنەی ئاوارەیەکی بچووک کە لەگەڵ (چارڵی چاپلن)دایە لەفیلمی (ساوا)- ئەمریکا۱۹۲۱ — پاشان قارەمانێتی زۆر لەفیلمەکانی داهاتوویدا.

بارودۆخەکە هەرچۆنێک بووبێت فیلمەکان زێتر لەجیهانی منداڵێتی نزیک بوونەتەوە بەتایبەتی کاتێ بەشــێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ گرێ و ئاڵۆزی وێنەیان گیراوە، کە منداڵ بووەتە بوونەوەرێکی ئاسان و ڕاستگۆتر . هەر لەفیلمی (ساوا)دا تا فیلمی (چالڕز لین) (چیرۆکی شۆستە- ئەمریکا ۱۹۹۰ )کە فیلمێکی بێ دەنگ و بە ڕەش و سپی وێنە گیراوە لەسەر منداڵە ئاوارە و پەراگەنــدەکان، کە لە هەژارییەکی تاڵدا دەژین دەدوێ، پۆلێک منداڵی بێ سەر و شوێن لەسەر شاشەدا بەچاوی خۆمان دەیانبینین.

میراتــی ئەو منداڵانەی کە هەتا دوێنێ لەشــارەکانی وەک مۆمبای — باهیا — ســاوبۆلۆ و کۆڵان و شــارەکانی جیهانی ســێیەم ئاوارە و بەرهەڵدا بوون وەک فیلمی (کــوڕەکان)ی دەرهێنەر — کیــرۆدۆران — کۆڵۆمبیا ۱۹۷۸ و (فیلمی- Pixote )ی دەرهێنەر هیکتۆر بانیکۆ- بەرازیل ۱۹۸۰) و فیلمی میرنایر (بۆمبای سلاّ و— هندستان ۱۹۸۸) ئەم فیلمانە بە زەحمەت توانیان لەفیلمــە خۆش و کۆمیدییەکانی هۆلیۆد نزیک ببنەوە کە لەســاڵانی ۱۹۳۰ منداڵان بە گروپی بچووک بچووک شاشــەکانیان پڕکردبووەوە، لەسەردەمی شیلی تمبل و جۆدی گارلاند و فیکی رۆنی لیۆن کە لەفیلمێکەوە بۆ فیلمێکی دیکە دەیان گواستنەوە.

لەوێ هەندێک فیلمی زۆر هەڵاوێر هەن کە بۆ ئەو ســەردەم ناگەڕێنەوەو هێشــتا ســەرنجی بینەرییان بۆ خۆیان ڕانەکێشــاوە، بە تایبەتیش فیلمی (ئوزی جادوگەر)ی دەرهێنەر فیکتۆر فیلینک ئەمەریکا ۱۹۸٤) هەروا فیلمی (شــەوی ڕاکردن —ی دەرهێنەر چارڵز لۆتــۆن — ئەمەریکا ۱۹۹۰) و فیلمی «Moom feert»ی فرنز لانگ، ئەمریکا ۱۹۹۵.

لەدەیەی شەســتەکان و حەفتاکانیشدا سینەما لەوێنەی فریشتەیی منداڵان دوور دەکەوتەوە، منداڵان بوونە خاڵی وەرچەرخانی تەوەری ژمارەیەک لەفیلمی ترســناک، وێنەی ئەو جۆرە فیلمانەش کە بابەتی خێر لەمنداڵی و شــەڕیش لەجیهانی گەورەکاندا بەرجەستە بوو.

ئەو منداڵانەی کە پاکی و بێگوناهیان دەنواند ئێستا بوونەتە فێڵباز و بوونەوەری سەیر و دژی مەسیح لەلایەن شەیتانەوە یان بوونەوەری خەتەرناک ڕێنوێنی دەکرێن وەک لەفیلمــی (گونــدی نەفرەت لێکراو — بەریتانیــا ۱۹٦۰ — کە دەرهێنەرەکەی —ودلف ریللا) بوو...



هۆلیۆد بۆمنــداڵان مایەی ڕەزامەندی نەبوو کاتێک بینیان منــداڵان لەڤێتنام لەناو جەرگەی شــەڕەکاندا و لەشــەری یەکەمی جیهاندا و یان هەر شــتێکی دیکە بەشــدارین بەهەشــتی منداڵان بە خوێن پیس بوو وەک لەفیلمی (گەمە یاســاغەکان) ی دەرهێنەر رینێی کلیمنت، فەرەنسا ۱۹۵۱وفیلمی ( ئیمپراتۆریای رۆژ)ی ستیڤن سپیلبیرگ- ئەمریکا ۱۹۸۷دەبینرێ.

فیلمەکان لەرووبەرووبوونەوەی منداڵاندا لەگەڵ راســتیەکانی ژیاندا نەوەستان وەک لەفیلمی (چۆلەکەی سەربان)ی دەرهێنەری تونسی، فریــد بوگدیر-۱۹۹۰تونــس . دیارە کە بــەوردی وداهێنانەوە بابەتە سێکســیەکانی وروژانــدووە. بەڵام تارمایی مردن و زاڵبوون بەســەر قارەمانــی فیلمی منداڵان لە فیلمی (copare ture mycard) جاک ڤانستین-فرەنسا۱۹۹۱دەردەکەوێ. دیسان منداڵان بوونەشایەدی جیاوازی رەگەزایەتی و ئیتنی وەک لەفیلمی (منداڵانی ماڵاوا)دەرهێنەر هاری هۆک —ئەمریکا، بریتانیا- ۱۹۹۸وفیلمی (korcak)ی ئەندریێ فایدا —پۆلەندا ۱۹۹۱.

ترۆفۆ دەڵێت : (منداڵان لەسەرجەم ئەوفیلمانە توانیان ژیان دروست بکەن و هەوڵی بۆبدەن، بەڵام لەهەمانکاتیشــدا گەشە بە ئامرازەکانی بەرەنگاری دەدەن ).

منداڵان بەگشــت تواناو ژیرییانەوە دەکارن رۆڵێکی پێچەوانەبگێڕن و رەچاوی گــەورەکان بکەن و وەرچەرخێن بــۆ رابەریی وپارێزەری گەورەکان دواتــر منداڵ بتوانێ ببێتە باوک وبەگوێرەی پیاوەوە وەک لەفیلمــی (جەربەزەییەکانــی بینۆکیۆ) ئیتاڵیــا ۱۹۷۳، کە گیتبۆی لەنــاو قورگی نەهەنگدا ڕزگارکــرد، هەروەها وەک (ڕابوکۆ) لەفیلمی (cuore) ئیتاڵیــا ۱۹۸٤کــە باوکە نەخوێندەوارەکــەی ڕەوانەی قوتابخانە کرد

بە درێژایی مێژووی ســینەما بە گشت هۆکارە ڕاستگۆکانی منداڵی وەک حاڵەتی پشکنینی پێ نیشانداوین، ئەویش بە ڕووبەڕووبوونەوەی منداڵان لەخەتەرناکی ڕاستەقینەدا و بەرەنگاربوونەوەیان لەدژی ستەم و چەوساندنەوە.

لەســاڵانی دوایی ئەم ســەدەیەدا منــداڵان ڕۆڵــی قارەمانێتیان ڕەتکردۆتەوە، لێرە ڕامبۆ یان ماکســی شێت نییە، سەرچاوەی هێزی منداڵان لەدەرخستنی هەست و زیرەکییان کۆدەبێتەوە،

خەڵاتی گــەورەی منداڵانیش هەمیشــە ئەوەندەبووە کە لەجیهانی گەورەکاندا جێگەیەکیان بۆ خۆیان هەبێ، منداڵ چەکێکی ترســناکی هەیە، ئەویش گیانی بەرائەت و خۆشنوودییە، زۆر بە وردیش ئەوەیە کــە جەربەزەییەکەیان پیس نەبووە، کە زێتــر لەوانی دیکەی جودا دەکاتەوە،

لەگــەڵ ئەوەشــدا زۆر لەفیلمەکان هەوڵیانداوە دوا ئەندێشــە و وەهمــی منداڵان بڕوخێنن، کە گەورەکانیان پێ تورە دەکرد، بەڵام جەربەزەیی منداڵان چاکترین زەمانەتە بۆ پاشەرۆژێکی جیاوازتر...

**سەرچاوە:**


- گۆڤاری نامە یونسکۆ، ژمارە (۱۰) ساڵی (۱۹۹۰)
- گۆڤاری المدی ژمارە، (۱۵)ساڵی ۱۹۹۷


فرانسوفالیە — ڕۆماننووسێکی فەڕەنسییە
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، عەبدولقادر عقیل

# ژانر و تایبەتمەندییەکانی

کامەران گوڵفەڕ

گەڕانەوە بۆ جوانیناسی و مێژووی فەلسەفەی هونەر و ئەو باسانەی وا لە سەر بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان کراوە، ئەمەمان بۆ دەسەلمێنێ کە پاش بەرهەمهاتنی هەندێ دەق، تابلۆ و بەرهەمی هونەری، هەوڵدراوە هەندێ خاڵ و لایەنی هاوبەش لە نێوان ئەو بەرهەمانەدا بدۆزرێتەوە و وەک ڕێسا و تەنانەت هەندێجاریش بە یاسای نەگۆڕ دابنرێن. ئەگەرچی دەکرێ کۆمەڵێک ویستی ئایدیالی لە پشت ئەو ڕێسابەندییەوە بدۆزینەوە، وەک پەیبردن بە چییەتی هونەر و کاریگەرێتی دانان لەسەر داهاتووی ئەو هونەرە و..

که بەشێکیان بە شوێنێک نەگەیشتوون، بەڵام بێگومان بەدواهاتێکی ئەو هەوڵانە بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشی بەرهەمەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە زانیاریی مرۆڤ سەبارەت بە هونەرەکان پێش بکەوێ، ئەمەش لە ڕێگەی پۆلێنکردن و دەستەبەندیکردنی بەرهەمە لێکچوو و هاوشێوەکانەوە. یەکێک لەو چەمکانەی کە لەو بوارەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە چەمکی ژانرە.

ژانر (genre) وشەیەکی فەرەنسییە و بە مانای جۆر و چەشن دێت. ئەگەرچی وێدەچێت وەک چەمک مێژوویەکی دوور و درێژی نەبێت، بەڵام وەک کارکرد دەکرێ پێشینەی موتالای ژانر و دابەشکردنی چەشنە ئەدەبی و هونەرییەکان تا لای کتێبی بووتیقای ئەرەستوو ببەینە دواوە، ئەوکاتەی ئەرەستوو دەستدەداتە دابەشکردنی هونەر بۆ هونەری تەقلیدی و هونەری شیعر و باس لە دوو چەشنی گرنگی شیعر دەکات؛ نمایشی (کومیک و تراژیک) و داستانی، باسکردنەکەی دەچێتە خانەی موتالای ژانرەوە. ڕەنگە ئێستە ئێمە ئەو دابەشکارییە بە ژێر ژانر (sub genre) یان وردە ژانر دابنێین، بەڵام دەتوانێ سەرەتایەکی باشبێت بۆ بیرکردنەوە لە ژانر. ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی کورتی ژانر بکەین بریتییە لە هەوڵێک بۆ کۆکردنەوە و دەستەبەندی و پۆلێنکردنی هەندێ بەرهەم کە چەندین خاڵی هاوبەشی سەرەکییان هەیە. واقیعییەت ئەوەیە کە زاراوەی ژانر وەک کۆمەڵێک زاراوەی دیکە لە ئەدەبیاتەوە هاتووەتە ناو دنیای سینەماوە.



ئەگەرچی لە موتالا ئەدەبییەکاندا گەلێک لەم بوارەدا توێژینەوە کراوە، بەڵام ئەمە تەنها لە ١٩٥٠ بەملاوەیە کە خوێندنەوەی ژانری دێتە ناو موتالا سینەماییەکانەوە و لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠دا پەرەدەستێنێ. موتالای ژانر لە سینەمادا زیاتر سەبارەت بە فیلمانی ڕەوتی زاڵ و تیجاری و بە تایبەت سینەمای هالیوود بووە، بەڵام هەر چۆنێک بێت ژانر توانیویە یارمەتییەکی زۆر بدات بە موتالای سینەمایی و تەنانەت پێشکەوتنی سینەما لە هەندێ بواردا. ژانر کۆمەڵێک کارکردی جیاوازی بۆ سینەما بووە کە هەم بینەر و وەرگری گرتووەتەوە و هەم بەرهەمهێنەرانی فیلم. دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێت کە بەردەوام لە دوو لایەنەوە سەیری ژانر دەکرێت کە لە بنەڕەتدا دوو لایەنی پێکهێنەری ژانرەکانن: یەکەم وەسفی: واتە وەک خاڵ و لایەنی لێکچوو و هاوشێوەیی فیلمەکان. دووەم کارکردی: وەک تەجرەبە هاوبەشەکانی مرۆڤ، بۆ نموونە ترس. لە موتالا ژانرییەکاندا ئەوەی زۆر گرنگی پێدەدرێت بۆ ژانربەندی شێوەی گێڕانەوەیە، واتە بە لای زۆرکەسەوە ئەمە لە سەرتاوە شێوە گێڕانەوەیە کە دەتوانێ خاڵی کۆکەرەوە و هاوبەشی کۆمەڵێک فیلم بێت تا لە دواجاردا بخرێنە ناو ژانرێکەوە. بەڵام ئەم شێوەی گێڕانەوەیە بە تەنها ناتوانێ ببێت بەو خاڵە سەنتەرییە بۆ پێکهێنانی ژانر، بۆیە ناوەرۆک (زیاتر تێم)، کاراکتەر، ئایکۆن و نیشانە، لەو تایبەتمەندییە هاوبەشانەن کە کۆمەڵێک بەرهەم لێک نزیک دەکاتەوە.




کارێک کە ژانر دەیکات ئەوەیە کە هەندێ چاوەڕوانی لە بینەردا دروست دەکات و بە بەرهەمی دیکە دەیانسەلمێنێت و لە هەندێ کاتیشدا بە هێواشی تووشی گۆڕانی دەکات. خودی ژانرەکان لە سینەمادا خاوەنی مێژوویەکن کە بەردەوام وەبیری بینەری دەهێننەوە. واتە لە ڕێگەی ئەوەی کە تا ئێستە بووە بیچم بە چێژ و چاوەڕوانییەکانی بینەر دەدەن لە بەردەم فیلمێکدا، بۆ وێنە لە ژانری وێستێرندا، بە شێوەیەک لە شێوەکان هەموو ئەو فیلمە پێشووانە وا بینەر لەو ژانرەدا بینیویەتی یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن و پێوەندیگرتنی لەوەی کە شەڕێک لە نێوان خێر و شەڕدا روو دەدات و چەندین ئەکشێن و حەرەکەتی تێدا دەکرێت کە کۆتاییەکەی زاڵبوونی قارەمانی سەرەکییە، یان لانیکەم زاڵبوونی شارستانیەتە بە سەر وەحشیگەریدا. لەو ژانرەدا بە زۆری دیمەنی ڕووداوەکان لە دەشت و بەردەڵانەکاندایە کە قارەمان یان قارەمانانێکی کەم، لەهەمبەر ستەم و چەوسانەودا هەڵدەستن، ئێمە لەگەڵ کەسایەتیی دەروونگەرا و خەمۆکدا بەرەوڕوو نین، بەڵکو چاوەڕێین کەسی ئەکتیڤ و نەترس پاڵەوانی یەکەم بێت. ئەم مودێلە کە ململانێی خێر و شەڕ و شارستانییەت و وەحشیگەرییە، لە سەر بنەمای دووانە لێکدژەکان وەستاوە، بەڵام ئەوەی لە ژانردا گرنگە، نەک بەرهەمهێنانەوی هەمان داستان، بەڵکو وەفادار مانەوەیە بە خودی مودێلەکە، هەرچەند لەبەرێکەوە گۆڕینی هەندێ واریاسیۆن دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ژانر. لە ناو فیلمی ژانردا گۆڕینی ئەو واریاسۆنانە دەبێ تا ئەو رادەیە بێت کە بە تەواوەتی لە چوارچێوەی ژانرەکە دەرنەچێت و تەجرەبەش نیشانی داوە گۆڕانەکانی ناو ژانر هەرگیز ئەوندە نییە کە فیلم لەو ژانرە دەرباز بکات، کەئەگەر وا ببێت ناونانی بە فیلمی ژانر بێ مانا دەبێتەوە، کەواتە چوونە ناو ژانر جۆرێک لە موحافیزەکاریی تێدایە. لێرەوە لە سینەمای ژانردا چەمکی ئاشنایی سڕینەوە هێندە گرنگ نییە کە ئاشناکردنەوە گرنگە. هەر بۆیە لە پێناسەیەکی زێدەڕۆیانەدا هەندێ پێیانوایە فیلمی ژانر ئەو فیلمە تیجاریانەن کە لە ڕێگەی تێکرار و جۆراوجۆرییەوە چیرۆکانێکی ئاشنا، بە کاراکتەری ئاشنا و لە دۆخی ئاشنادا دەگێڕنەوە. بەڵام وەک گوترا هەمیشە ئەم ئاشنا بوونە لە سیکلێکدا دووپات نابێتەوە بەڵکو بە شێوەی هێور و نەرم گۆڕانی بەسەردا دێت. بە نیسبەتی سینەماوە لەبەر ئەوەی فیلمی ژانر وەرگری گشتیی بەلاوە گرنگە، پێوەندییەکی راستەوخۆی بە کات و شوێنەوە هەیە، هەر ئەمە وادەکات کە بە پێی کات و شوێن بگۆڕدرێن و گەشە بکەن و لە هەندێ کاتیشدا تەنانەت پیر بن و بمرن. کریستییێن میتز پێیوایە ژانرەکان سیکلێک لە گۆڕان دەپێون کە بە کورتی بریتییە لە چوار قۆناغ: سەرەتا لە دایک دەبن و گەشە دەکەن تا ئەوەی کلاسیک و جێکەوتوو دەبنەوە، پاشان کۆمەڵێک فیلمیان لێدەکەوێتەوە کە جۆرێک لە پارۆدی و دژوارییان لەگەڵ فیلمە کلاسیکەکانی هەمان ژانردا هەیە، پاشان بەرهەمانێکی وەها دێن کە ئەم گریمانانە دەخەنە مەترسییەوە کە سەر بەو ژانرەن، لە قۆناغی کۆتاییدا دەکەونە ڕەخنەگرتن لە هەمان ژانر. ڕاستە ئەم سیکلە بۆ هەموو ژانرێک راست دەرنەچووە، بەڵام سەلمێنەری بزۆزی و نەوەستان و ئاڵوگۆڕە ناوەکییەکانی ژانرە. ڕەنگە ئەم پرسیارە لە جێی خۆیدا بێت کە بپرسین ژانر و موتالا ژانرییەکان بە کەڵکی چی دێن؟ بە نیسبەتی بینەرەوە وەک گوترا دەتوانێ بە پێی سەلیقە و حەز و چاوەڕوانییەکانی خۆی، لە فیلمی ژانر چێژێکی زیاتر ببات و فیلمانێک لە ژانرێکی تایبەتدا بۆ دیتن هەڵببژێرێت. بە نیسبەتی بەرهەمهێنەرانیشەوە هەر ئەمە تا رادەیەک ئەوە دەگەیەنێت کە لەو

چاوەڕوانییانە ئاگادارن و بە پێی ئەوە فیلم بەرهەم دێنن و بینەر رادەکێشن. جگە لەم قازانجە پراتیکییە، موتالای ژانر چەندین کارکردی گرنگی بووتیقاییشی هەیە کە بە کورتی هەندێکیان بریتین لە: روانگەیەکی گشتیمان سەبارەت بە بەشێکی گەورە و گرنگی سینەما پێدەدات، نەزم و پۆلێنکردنی فیلمەکان سانا دەکاتەوە، بۆ بینەر و تەنانەت رەخنەگریش پێوەر دروست دەبێت، موتالای ژانر دەتوانێ بۆ تێگەیشتن لە فیلمێکی دیکە یارمەتیدەر بێت. ئەگەرچی ئەم خاڵە پۆزەتیڤانە لە موتالای ژانردا هەیە، بەڵام وەک نیشاندراوە ژانرەکان ئەوەندەش روون و شەفاف نین و تێکەڵبوونی ژانرەکان بە یەکتر و هەروەها گۆڕینی ناوەکیی خۆیان وادەکات کە نەتوانین هەموو جارێک بە دڵنیابوونەوە باس لە ژانر بکەین. تەنانەت هەندێ پێیانوایە هیچ فیلمێک ئەوەندە پەتی نییە کە بە تەواوەتی لە ناو ژانرێکدا دابنرێت، یان بە پێی هەموو ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانە بڕواتە پێش کە سەبارەت بە ژانرەکە هەیە. ئەمە وادەکات کە بە پارێزەوە باس لە ژانر بکرێت، لێرەوە خودی ژانر ورد و جوزئی تر دەکرێتەوە و کەسانێک باس لە ژێر ژانر (sub genre) دەکەن و دەیانەوێ وردتر لە تایبەتمەندییەکانی هەندێ فیلمی ناو ژانر بدوێن، بۆ نموونە ژانری کۆمێدیا خۆی چەندین جۆری لێدەکەوێتەوە کە چەندە لە خاڵی هاوبەشیان گرنگە جیاوازییەکانیشیان جێگەی سەرنجە. لە هەر حاڵدا ئەگەرچی تا ساڵانێک و رەنگە ئێستەش موتالای ژانر زیاتر بریتی بوو لە دیاریکردنی هەندێ تایبەتمەندیی هاوبەشی فیلم و ئەو خاڵانەی وا باسمان لێکرد، بەڵام ئێستە موتالای ژانر لەو حاڵەتە ترازاوە و بۆ دیاریکردنی کەڵکەڵە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها دەرخستنی گوتار و وەرچەرخانە ئایدیۆلۆژیکەکان کەڵکی لێوەردەگیرێت. واتە ئیدی موتالای ژانر تەنها بریتی نییە لە دەسنیشانکردنی خسڵەتی فیلمەکان، بەڵکو بریتییە لەوەش کە ئەو خەسڵەتانە چ کارکردێکی ئایدیۆلۆژیک و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان هەیە. چونکو ژانرەکان چەندە لە زەرورەتە سەرمایەدارانەکانی پیشەی سینەما کاریگەرێتی وەردەگرن، هێندەش لە سەلیقەی وەرگر و واقیعییەتە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی هەر سەردەمێکی دیاریکراو. کەواتە موتالای ژانرەکان دەتوانێ دەرخەری خوازیاری و هەروەها گوتارە جەماوەر پەسەندەکانیش بێت. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە خودی سینەما و بە تایبەت فیلمی ژانری، لە بەر تێکرار و چەند پاتەبوونەوەی دەتوانێ مودێل و ئولگویەکی بە هێزیش بێت بۆ سەلیقە و زەوقی بینەران. هەر ئەمەش موتالای ژانر گرێ دەداتەوە بە ژیانی رۆژانە و موتالا کولتوورییەکانەوە. بە هەر حاڵ وەک گوترا سنوور کێشانێکی بنبڕانە لە نێوان ژانرەکاندا دژوارە و هەموو ژانرەکان پێوەندیی نێوان دەقییان پێکەوە هەیە، هەر ئەمەش وایکردووە کە لە دیاریکردن و تەنانەت بە ژانر دانانی هەندێ فیلمدا رای جیاواز هەبێت، کۆمەڵێک هێندە ژانرەکان بەربڵاو دەبینن کە بە پێی ناوەرۆک، زۆربەی فیلمەکان دابەش دەکەن بە سەر ژانردا و کەسانێکی دیکەش تەنها چەندی جۆری سنووردار بە ژانر دادەنێن، کەواتە رێکەوتنێکی تەواو لەسەر چەشنەکانی ژانر نییە و هەندێ کات ئەوەی کەسانێک بە ژانری دەزانن کەسانێکی دیکە بە ژێر ژانری دادەنێن، یان بە شێوازێکی سینەمایی دەیبینن. بۆ وێنە فیلمی نووار، کە هەندێ بە ژانرێکی سەربەخۆی دادەنێن و هەندێکیش بە بەشێک لە ژانری ترێیلێر، ئەمە دەسەلمێنێ کە چەندە ژانربەندی هەوڵبدات پۆلێنکردنێکی رێک و وردمان بۆ دیاری بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ دیاردەی هونەریدا بەرەوڕووە ناتوانێ بە بنبڕێتییەوە ئەمە بکات.









# کێشە و ئازارەکانی کورد لە سینەمای جیهانیدا

مەسعودی مەلا هەمزە

### سینەما لای کورد

کە باسی کورد دەکەین، بێگومان مەبەستمان لە پارچە باشوورەکەیەتی، لەبەرئەوەی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستن زیاتر باس لە سینەما لە باشووری کوردستان دەکەن، ئەگەر باسی مێژووی سینەما بکەین، جگە لە یەڵماز گۆنای کە بە یەکێک لە رابەرانی سینەمای کوردی دادەنرێ، وەلێ بە پێی ئەو سەرچاوانەی باسی دەکەن و لەبەر دەستیشن، یەکەم فیلمی سینەمایی لە باشووری کوردستان «نێرگز بووکی کوردستان» بووە، کە جەعفەر عەلی کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، چەند ئەکتەرێکی کورد بەشدارییان تێدا کردووە. ئەگەرچی قسەکردن لەسەر یەکەمین فیلم هێشتا روونکردنەوەی زیاتری دەوێ.

کورد و سینەما لە جیهان

کە باس لە سەرەتای سینەما لە کوردستان دەکەین، فیلمەکانی یەڵماز گۆنای نەبێ، بێگومان بەشی هەرەزۆری ئەو فیلمانەی دیکە ناوخۆیی بوونە و نەتوانراوە بگەیەنرێنە دەرەوەی کوردستان، جا چ لەبەر باری سیاسی یاخود ئاستی فیلمەکان لەرووی تەکنیکەوە بووبێ، گرنگ ئەوەیە وەکو پێویست نەتوانراوە فیلمە سینەماییە کوردییەکان بگەیەنرێنە دەرەوەی کوردستان، بەمەش هونەرمەندانی دنیا نەیانتوانیوە لە رێگای هونەر لە ئێش و ئازار و ئەو کارەساتانە بگەن، کە بەسەر کورد هاتوون.

### دەرگا بەڕووی سینەمای کوردی کرایەوە

لەدوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ بەگشتی و ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بەشێکی زۆر لە هونەرمەندانی کورد بە تایبەتی ئەوانەی رۆژێک لە رۆژان ئارەزوویان لەکاری سینەمایی بوو، دەستیان دایە کاری سینەمایی و چەندین فیلمی کوردیان بەرهەمهێنا، کە ئەو فیلمانە لە بەشێک لە وڵاتانی دنیا نمایشکران و بەشێکیشیان بوونە جێی سەرنجی هونەرمەندان و خەڵکانی دنیا، بە شێوەیەک کە بەشێکی زۆر لەوانە هەر نەیانزانیوە کورد ئەو هەموو ئازارە دراوە و ئەوەندە تاوانەی بەرامبەر ئەنجام دراوە، باشترین نموونەش کە خۆشی لە راگەیاندنەکان باسی کرد «سرتە لەگەڵ با»ی شەهرامی عەلیدی بوو، کە دەیگوت: بەشێکی زۆر لەوانەی ئەو فیلمەیان بینی بەهیچ شێوەیەک نەیاندەزانی کە کورد جینۆساید کراوە.





## فیلمی سینەمایی کوردی به زمانی بیانی

دوای ئەو هەوڵانـەش ئەوجارەیان سـینەماکارانی کـورد هانایـان بۆ بەرهەمهێنانـی فیلمەکانی خۆیان بە زمانی ئینگلیزی بـرد، هەر ماوەیەک پێش ئێسـتا سینەماکاری کوردی دانیشـتووی وڵاتی ئەمریکا جانۆ رۆژبەیانی فیلمی «چاپڵنی چیاکان»ی لە کوردسـتان وێنەگرت، کە تەواوی ئەو فیلمە باسی لە ئازارەکانی کورد دەکرد و زیاتر لە ٧٠٪ی دیالۆگەکانـی فیلمەکە بە زمانی ئینگلیزی بـوو، بینای کاراکتەرانی فیلمەکەش بریتی بوو لە وڵاتانی دنیا و کاری هاوبەشـی سـینەمایی دوابەدوای ئەوەی لە رێگای فیلمە سینەماییە کوردییەکانەوە بەشێک لە هونەرمەندانی دنیا ئاشـنای ئێش و ئازارەکانی کوردبوون، ئەوجا هەوڵیاندا بە هاوبەشی لەگەڵ سینەماکارانی کورد و بەڕێوەبەرایەتییە سینەماییەکان کاری هاوبەش بکەن بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی، باشـترین نموونەشمان فیلمی سینەمای «شـوێنێک بۆ یاری» بوو، لـە دەرهێنانی شـەوکەت ئەمین کورکی، کە بـەم دواییە ئەو فیلمە لە فێسـتیڤاڵی پوسـانی نێودەوڵەتی لە وڵاتـی کۆریا دوو خەڵاتی بەدەسـتهێنا، هەروەها فیلمی (چاپلن لە کوردسـتان)ە دەرهێنانی عەلی رەزا سـعادەت نیا کەبەرهەمی وڵاتی ئێران و کوردسـتان بوو، کەئێستا ئەم فیلمە لەقۆناغی مۆنتاژکردن دایە.

بێگومـان ئەو جۆرە کارانە لـە بەرژەوەندی کورددان و ئەو جۆرە فیلمانە بایەخێکی زیاتری پێدەدرێ لەلایەن ئەو وڵاتانەی بەشـداریان کردووە لە بەرهەمهێنانی ئەو فیلمانەدا.

## وڵاتانی دنیاو فیلمی سینەمایی لەسەر کورد

دوای هەموو ئەو هەوڵانەی لە سـەرەوە باسمکرد، ئێستا دەبینین وڵاتانی دنیا هەوڵدەدەن بە سـتافی خۆیـان و هونەرمەندی خۆیان فیلمـی سـینەمایی لەسـەر کورد بەرهـەم بێنن، فیلمی سـینەمایی «گوڵەکانی کەرکـووک» یەکێکە لەو بەرهەمانەی هەریەک لە وڵاتانی ئیتاڵیا، سویسرا و کوردستان وەکو کۆمپانیای ڤیژوەڵ کەی لەو کارە بەشـدارن و ئێسـتا ئەو فیلمە لە قۆناغی وێنەگرتنە، کە سـتافی کارکردنیشی بریتین لە گروپی «کوردسـتان» زیاتر لە ٢٠ کەس بەشدارە لە بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە، ئەوەی دیکە گروپەکانی بەشـداربوو لە ئەوروپا سـتافی وێنەگرتن لە ئیتاڵیاوە هاتوون، کاری دەنگ لە سویسـراوە هاتوون، مکیاژ ئەوانیش لە سویسـراو فەڕەنسا بەشدارن، لە ئێرانیش گروپی سـێت و دیکۆر هاتوون، ئەوانی دیکە بەشـی رووناکی و بەشەکانی دیکەی ئەو پرۆژەیە هەمووی سـتافی خەڵکی کوردسـتانن، کەوابێ بەشـداریکردنی سـتافێکی وا گەورەو تێکەڵ کە لـە وڵاتانی دنیاوە هاتوون، بێگومان سوودی دەبێ بۆ کورد، لەبەرئەوەی ئەگەر هەریەک لەو وڵاتانە لەبەر سـتافەکەی خۆی بایـەخ بەو فیلمەو ناوەرۆکەکەی بدا، ئەوا بێگومان ئەو جۆرە کارانە لە بەرژەوەندی کورد تەواو دەبێ و لەمـەودواش هونەرمەندانی کورد دەتوانن ئـەو هەلانە بقۆزنەوە و هەریەک لەو وڵاتانە وەکو سپۆنسـەر بۆ کارەکانی خۆیان بەکاربێنن، تاکو کەرتی تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی لە کوردستان دروست بێ.

